# داگیرکارێکی فاشیست و وەحشی

رێبوار رەشید

بۆمبارانکردنەکانی ئەم دواییەی هەندێك بنکەی "هێزی پاراستنی گەل" [پارتی کرێکارانی کوردستان، پ.ك.ك.] و ئەو گوندانەش کە دەکەونە نێزیك خاکورك و قەندیل بووە بە جێی باسێکی زۆر لە تورکیا. حوکمەتی ئەردۆغان ماوەیەکە لە ژێر فشاری بزووتنەوەی ئولتراناسیونالیستی تورکدا ناچاری وەڵامدانەوەیەکە. ئەو وەڵامدانەوەیە بۆ زۆربەی هەرە زۆری تورك دەبێت وەڵامدانەوەیەکی سەربازیی بێت. تورکەکان خاوەن سوپایەکن کە لە هەشتاساڵی دواییدا لە هیچ شەڕێکدا دژ بە دەراوسێکانی نەدۆڕاوە. هەروەها سوپایەکە کە هەمیشە هێزی ناسیونالیست و ئولتراناسیونالیست و فاشیستی تورکی لەسەر حوکم هێشتووەتەوە. سوپا بەهێزترین بنکەی کەمالیزم بووە و ئێستاش بە هەمان شێوە بەردەوامە.
سەرۆك سوپای تورك، ژەنرال یەشار بویوکانیت Yasar Buyukanit پاش بۆمبارانکردنەکە لە سەرئەنجامەکان رازی بوو و دەڵێت ئێمە [سەرلەشکرانی تورك] هەر لە ئەنکاراوە لە رێگای مۆنیتۆرەوە بە وردی ئاگامان لە بۆمبارانکردنەکە بووە. ئیتر ئێمەش هەروەکوو ئەمەریکا خاوەنی ئەو جۆرە تەکنیکەین و هەر کاتێك بمانەوێت دەستمان دەگاتە هەر شوێنێکی قەندیل.
رۆژنامەوان و رۆشنبیرانی تورك بە شێوەی جیاواز باس لەو سەرکەوتنەیان دەکەن. هەندێك پێیان وایە کە ئیتر تورکیا دەستی دەگاتە هەر شوێنێك کە بیەوێت، و هەندێکی دیکەیان خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕن کە "وەڵامی توند بە سەرۆکایەتی کورد لە باکووری ئێراق دراوەتەوە".
بە پێی "تورکیش دایەلی نویس" ئەو چوار سەعات ئۆپەراسیۆنە بیست ملیۆن دۆلاری تێچووە. پێنج ملوێن دۆلار خەرجی سووتەمەنی بووە بۆ فرۆکەکان، ١٣ ملیۆن نرخی بۆمبەکان و ٢ ملیۆن دۆلاریش پارەی تۆپی خومپارە"[1].
پێشینەی ئەم هێرشە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٩ ئۆکتۆبەر کە لە کۆبوونەوەی ئەندامانی ناتۆ لە بروکسل ئەمەریکا بە تورکیای راگەیاند کە هەڕەشەی تورکیا بە بێ هەبوونی زانیاری سوپایی کە ئەمەریکا هەیەتی ناتوانێت هیچ هێرشێکی شایانباس بکاتە سەر ئەو بنکانەی لە قەندیل هەن. ٥ نۆڤەمبەر کە سەردانەکەی سەرەکوەزیر ئەردۆغان بۆ ئەمەریکا، سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش، هەمان قسەی دووبارە کردەوە. ئێستا دیارە، هەروەك ژەنراڵە تورکەکان باسی دەکەن، کە ئەمەریکا بنکەیەکی هاوکاریی سەربازیی لە ئەنکارا کردووەتەوە و پێڕێ هەندێك لەو زانیاریانەی بە سوپای تورك گەیاندووە کە بۆ ئۆپەراسیۆنێك پێویستێتی. بەڵام دیارە هەر وەك تورکەکان دەڵێن ئەمەریکا هەروەها مەمەرێکی هەواییشی بە تورکەکان داوە کە تیایدا، بە لانی کەم بە قسەی خۆیان بە نە کەمتر لە پەنجا فرۆکەی ئێیف ١٦ و ئێیف ٤، بێن و بڕۆن و ئەو بنکانە بۆمباران بکەن.
ژەنراڵ یەشار بویوکانیت دەڵێت "لەوەش گرینگتر [کە ئەمەریکا لە هەستیان تێ دەگات] ئەوەیە کە ئەمەریکا دوێنێ شەو [شەوی یەکشەممە] فەزای هەوایی ئێراقی بۆ خستینە سەرپشت و بەو شێوەیە ئۆپەراسیۆنەکەیشی سەلماندین"[2]. بێلەوە، قسەکانی بوش (٥ نۆڤەمبەر) کە "پ.ك.ك. دوژمنی هاوبەشی تورکیا، ئێراق و ئەمەریکایە" یان قسەی کۆندۆلیزا رایس لە ٢٠٠٧/١٢/١٨ دا کە دەڵێت "پ.ك.ك. سەرئێشەی ئاسایشی ئەم سێ دەوڵەتەیە" پشتگیریەکی سیاسیی و گیانییە بە تورکەکان.
لەبەرئەوەیە دەبێت تێبگەین کاتێك کە ژەنراڵ یەشار بویوکانیت خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت و ئەم هاوکاریەی ئەمەریکا بە پشتێکردنی ئەمەریکا "لە باکووری ئێراق" و دەستپێکردنەوەی دۆستایەتی لەگەڵ تورکیا دادەنێت. بەشی زۆری خۆشحاڵیی تورکەکان ئەوەیە کە دەڵێن ئێمە هەم لە زستاندا و هەم لە شەودا دەستمان وەشاندووە. تورکەکان مەبەستیان ئەوەیە کە بێ یارمەتی ئەمەریکا ئەو توانا سەربازیەیان نییە. هەروەها کە ئەمەریکا لە پراکتیکدا کەوتووەتە دوژمنایەتی پ.ك.ك. کە لە راستیدا دوژمنایەتی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیە و پاشان کە تورکیا توانیوویەتی سەرکەوتنێکی دیپلۆماتی بباتەوە وا کە قسە بکات بە کردار.

[1] http://www.turkishdailynews.com.tr/article.php?enewsid=91734
[2] http://www.turkishdailynews.com.tr/article.php?enewsid=91713

شایانی باسە تورکیا ئەو پشتگیریە سیاسیەشی لە ئێران و سووریا دەست کەوتووە کە تا ڕادەیەکی باڵا هاوئاهەنگ دژ بە هەبوونی پ.ك.ك. و هەروەها لەباربردنی حوکمەتی هەرێمی کوردستان بدوێن.

لەلایەکی دیکەوە لێتوێژەرەوان مەبەستیان ئەوەیە کە لە ڕاستیدا "دەستکەوتی ئەم بۆمبارانکردنە هەر زۆر کەمە" [بۆ نموونە بە قسەی پ.ك.ك. خۆی تەنها ٥ گەریلا گیانیان بەخت کردووە]، و کە "تەنها بۆ ئەوەیە کە گڕوکەفی بزووتنەوەی ناسیونالیت/ ئولترا ناسیونالیست و فاشیزمی تورکیا دابمرکێننەوە". هەندێك مەبەستیان ئەوەیە کە ئیتر حوکمەتی ئەردۆغان زەمینە بۆ سازانی سیاسیی خۆش بکات لەو ڕێگایەوە کە ئاماژە بە سەختیی و دژواریی چارەی ئاشتی بکات. هەندێکی دیکە مەبەستیانە کە ئەو یارمەتیدانەی تورك، هاوکات کە مەسەلەی ڕیفەراندۆمی کەرکووك شەش مانگ دواخراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمەریکا ناچارە بە شێوەیەك دۆستەکانی خۆی لە ناوچەکەدا ڕازی بکات کە ئێستا بە تەمایە ئاستی دژایەتی خۆی لەگەڵ ئێراندا زیاتر بباتە سەرێ. دیارە پرۆسەی ڕازیکردنی تورکەکان هەم شتێك شانازیی لەسەر حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێت و هەم لێدانێك لەسەر پ.ك.ك.

لە گەرمەی ئەم ڕووداوانەدا باڵوێزخانەی تورکیا لە ستۆکهۆڵم دیاریەکی جێژنی کریستمەسی بۆ دۆستی کورد، فریدریك ماڵم، ناردووە کە قاپێك شەراب و قاپێك ویسکیە[3]. بە گشتیی دیاری لەو جۆرە، ڕۆژی جێژنی کریستمسی لێدەربچێت، لە ڕووی یاساییەوە قەدەخەیە چونکە دەچێتە قاڵبی بەرتیلەوە. دیارە دەوڵەتی تورکیا باش ئاگای لەو یاسایانە هەیە بۆیە دەستوبردی لێکردووە و لە ڕۆژێکی وادا ئەو دیاریەی بۆ فریدریك ماڵم ناردووە، کە یا بە خواستی شکاندنی ناوبراو ناردوویانە یان بەو هیوایەی ئەو هاوڕێیە بە بێدەنگی ئەو "دیاریە" وەربگرێت و ئامادەی دیداری "ئایندەیی" بێت.

لەو چوارچێوەیەدا ئەوە گرینگە تێبگەین کە شەڕی دەوڵەتی تورکیا دژ بە کورد زۆر شێوەی ڕەهەندی جیاواز دەبڕێت. ڕەنگە کورد لە باشووری کوردستان هێندە پارەی لە بەردەستدا بێت کە نە هەر ڕزگارکردنی ناوچەداگیرکراوەکانی باشووری کوردستان زامن بکات، بەڵکو تەنانەت باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستانیش. لە تورکیادا پارە لە دەست دامەزراوەگەلی جودای دەوڵەتیدایە، ئەوان لەسەر هەموو ئاستێك و لە هەموو بوارێکدا دژایەتی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان دەکەن.

هێرشی تورك بۆ سەر کوردستان هەرچۆنێك بێت و لە هەر ئاستێکدا بێت گرینگە هەموو کەسێك ئەوە تێبگات کە لە سی ساڵی ڕابردوودا کورد لە هەموو بەشێکی کوردستان پێشکەوتنی جیددی و گەورەی بە خۆوە دیوە و هاوکات داگیرکاران خۆ لە قەیرانی گەورەی سیاسیی و ئابووریی و سەربازییدا دەبیننەوە.

ڕەنگە ئەوەش جێی خۆی بێت کە ئەوەش بخریتە سەر ئەو لێتوێژینەوانە و بڵێین کە تورکەکان جێی خۆیەتی زیاتر بە تەنگ خۆیانەوە بێن و لە ئەمەریکا حاڵی بن کە پێیان دەڵێت "تۆ پێویستت بە زانیاریەکە کە لای من هەیە دەنا هیچت پێ ناکرێت".

بوراك بەکدیل Burak BEKDİL باس لە شانازیی ژەنراڵی ناوبراو دەکات کە شەوی ١٧ لەسەر ١٨ ـی دیسامبەر پاش "شەونەخونیەکی تەواو بە خۆشیی و ڕازیبوونەوە" چووەتەوە بۆ ماڵ و ئەوجا دەڵێت کە شایەت لایەنێکی ئەو بۆمبارانکردنە ئەوەش بێت کە حوکمەتی تورکیا و سوپا ئەو هەست و چالاکیە دژ ئەمەریکابوونەی تورکەکان خاوبکاتەوە کە لەو ساڵانەی دواییدا پەیدا بووە. بوراك بەکدیل بۆمبارانکردنەکە بە "حەپی ئازارشکێن"[4] بۆ تورکەکان دادەنێت و پێی وایە ئەوە سەنگەری کورد بەهێزتر دەکات چونکە دەبێت هۆی "گۆڕینی دۆخی جەنگ دژ بە کوردەکان".

لەوێدا بوراك بەکدیل هەندێك نامەی خوێنەرانی خستووەتە ڕوو کە شایانی باسن، بۆ نموونە خوێنەرانی وتارەکانی دەپرسن "ئەگەر کاك ئەردۆغان پێی خۆش بێت کە خۆی و منداڵەکانی بە زمانی یۆنانی سروودی نەتەوەیی یۆنان بچڕن"، "... کە لە دەستووردا زمانی کوردی هاوشانی زمانی تورکی بێت"، "ئێوە دەبێت ئۆتۆنۆمی سیاسیی کوردەکان قبوڵ بکەن کە هەروەها بە مانای بە ناناوەندکردنی دەستەڵات بێت لە ئەنکارەوە

---

[3] Aftonbladet.se 2007-12-18
[4] http://www.turkishdailynews.com.tr/article.php?enewsid=91723
[5] http://www.thenewanatolian.com/opinion-30147.html

بۆ دیاربەکر"، "لەسەر هەر شتێکەوە، ئێوە دەبێت کورد وەك هاوبەشێکی یەکسان لە دەوڵەتدا قبوڵ بکەن و ئەمە دەبێت لە کردەوەدا دیار بێت، نەك قسە و بە پێی دەستوور دابکوترێت" و پاشان خۆی لە کۆتاییدا دەڵێت کە شایەت کاری ژەنراڵ ئیلکەر بەشبەگ İlker Başbuğ کە لەو ماوەیەدا دێتە سەر کار، بە هەمان شێوەی ژەنراڵ یەشار بویوکانیت هاسان نەبێت، چونکە ئەو لە ئاییندەدا ڕووبەڕووی جۆرێکی دیکە لە جەنگ دەبێتەوە.

مهمەت عەلی بیراند Mehmet Ali Birand ئولتراناسیونالیستێکی ئاشتیپۆشە کە هەمیشە هەوڵ دەدات لە وتارەکانیدا بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە کورد بە "ناشارستانیی" لە قەڵەم بدات و ئەم دۆخە بە "پشێوی/ فەوزا" دادەنێت و پێشنیار دەکات کە "ئۆپۆزیسیۆنی حوکمەتی ئەردۆغان زیاتر هاوکارانە بەرخورد بکات"، کە "ئەردۆغان و بیوکانیت ململانێی نێو خۆیان ساف بکەن"، کە "مێدیاکان واز لە بەرخوردی شۆڤێنیانە و شەڕخوزانە بێنن"، کە "حوکمەت کەناڵی نوێی پێوەندیگرتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و سوپادا بکاتەوە"، کە "یاسای پەشیمانبوونەوە [مەبەستی لە گەریلاکانە] و ئەمنستی هەر بەردەوام بێت"، کە "مافی زمان و کولتور و ئابووریی و هتد بە هاووڵاتیانی خوارووی خۆرهەڵات [کوردستان] بدرێت"، کە "ئیستیخباراتی تورك دەست لەوە هەڵبگرن کە هەموو مرۆڤێکی ئەو ناوچەیە بە ئەندامی پ.ك.ك. ببینن و هێندە بە خراپ مامەڵەیان لە تەکدا نەکەن" و کە "پارتی کۆمەڵگای دیموکراسی قەدەخە نەکرێت و کێشەکە لە پارلەماندا چارەسەر بکرێت".

ئەلنور چەڤیك Ilnur Cevik ئولتراناسیونالیستێکی تورکە کە ئێستا سەرنووسەری ڕۆژنامەی "زی نیو ئاناتۆڵیا" یە و لەوەبەر سەرنووسەری ڕۆژنامەی "تورکیس دایەلی نویس" بوو و ئێستا لە باشووری کوردستان خاوەنی کۆنتراکتی گەورەیە و دوو ساڵ لەمەبەر میوانداریەکی شاهانەی لەوێندەرێ دەکرا و کەس نازانێت لە ڕاستیدا لەوێندەرێ چ کارەیە و خەریکی چی دیکەیە. ئەو خەریکی هەر چییەك بێت بە ئاشکرا دژ بە گەلی کوردستان دەدوێت و لە "زی نیو ئاناتۆڵیا" دەڵێت "ئێستا سەرۆکەکانی کوردی ئێراق دەبێت لە خۆیان بپرسن کە بۆ ئەمەریکا بە ئاشکرا یارمەتی تورکیا دەدات لە شەڕەکەیدا دژ بە پ.ك.ك. لە چیاکانی باکووری ئێراق. ئەوان دەبێت بزانن کە واشینگتۆن تورکیا وەك هاوپەیمانێکی جێگاخاڵیی دادەنێت".

لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێت "با هەموومان لە بیرمان بێت کە ڕۆژێك ئەمەریکاییەکان دەڕۆن و ئێمە پێکەوە دەمێنینەوە، یان دەبێت ڕوو بە ڕووی یەك ببینەوە یان لەگەڵ یەکدا مامەڵە بکەین"[5].

ئەم هەڕەشەیە لە ڕاستیدا بولیند ئەجەویت فێری تورکەکانی کرد کە ڕەجەب ئەردۆغان، عەبدوڵا گوڵ، هەموو ژەنراڵەکان و سەرۆکەکانی ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت زۆربەی زۆری ڕۆژنامەوانەکانیش دووپاتی دەکەنەوە. "ئەرێ، کاتێك ئەمەریکا ئێرە جێ دێڵێت ئێوە چی دەکەن؟".

ڕەجەب ئەردۆغان لەسەر تەلەڤیزیۆن کاتێك سەبارەت بە کۆمەڵکوشتنی ئەرمەنیەکان دەدوا ئەمەی دیسانەوە دووپات کردەوە. ئەرمەنیەکان لە مێژە بە کۆمەڵ کوژراون، کوردەکان نۆرەیان دێت!

بە هەرحاڵ، سیاسەتی داگیرکاران و ئەمەریکا و یەکێتی ئورووپا هەرچۆنێکە با ببێت، ئێمە بە سیاسەتێکی کوردستانیی، بە دژایەتیکردنی بیری ناکوردستانیی ئیتر لە هەر فۆرمێکدا بێت، دەتوانین بە توندی وەڵامی هەر هێرشێك بدەینەوە. نابێت یەك چرکەش لە یادمان بچێت کە ئێمە لەگەڵ داگیرکەرێکی فاشیست و وەحشیدا ڕووبەڕوو بووینەتەوە.

دۆخی کورد لەم کاتەدا لە هەر کاتێکی دیکە لە مێژوویدا باشترە و قسەی تێدا نییە کە تا دێت بەرەو پێشەوە دەچێت. خەباتی کوردستانیی بەرەو ئازادیی نەتەوەیی بێگومان بەردەوام دەبێت.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/١٢/١٩

Dengekan